بسم الله الرحمن الرحيم

# وەقایعی کوردستان

رۆژنامـەی رەسمیی حکـومەتی هەرێمی کوردسـتانە / وەزارەتـی داد دەری دەکـات

ژمـارە(٥١) ساڵی پێنجەم ٢٨/١٠/٢٠٠٤ زاینی(٦)ی گەلاڕێزان ٢٧٠٤ کـوردی (١٤)ی رەمەزان ١٤٢٥ی کۆچی

## لەم ژمـارەیـەدا :

51

- **یاسای ژمارە (٣٧) ی ساڵی ٢٠٠٤** ل١
  یاسای دەستەی گشتیی نەوت و گازو پترۆکیمیاوییەکانی
  هەرێمی کوردستانی عێراق
- **یاسای ژمارە (٣٩)ی ساڵی ٢٠٠٤** ل٤
  یاسای دەزگای گشتیی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا
- **یاسای ژمارە (٤٠)ی ساڵی ٢٠٠٤** ل١١
  دووەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (١٩٩٨)ی
  سەندیکای رۆژنامەوانان
- **بڕیاری ژمارە (٥٣)ی ساڵی ٢٠٠٤ ی پەرلەمانی کوردستان** ل١٧
  متمانەدان بە بەڕێز (د. ئەختەر نجم الدين شمس الدين) وەزیری
  خوێندنی باڵاو لێکۆڵینەوەی زانستی لە ئیدارەی سلێمانی
- **بڕیاری ژمارە (٥٤) ی ساڵی ٢٠٠٤ پەرلەمانی کوردستان** ل١٨
  چەند گۆڕانکارییەک لە ئەندامانی لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەن
- **سیستمی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٤ ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ل١٩
  سیـستمی ئاڵای کوردسـتان

www.moj-kurdistan.com
www.geocities.com/waqaea
e.mail: waqaea@yahoo.com

ناونیشـان: هـەولێر باڵەخـانەی وەزارەتی داد

دالــە (٢٢٣١٨٢٣ _ ٢٢٣١٨٣٦ _ ٢٢٣١٤٣٣)

بسم الله الرحمن الرحيم

# وقائع كوردستان


الجريدة الرسمية لحكومة أقليم كوردستان العراق – تصدرها وزارة العدل

العدد (٥١) السنة الخامسة ٢٨/١٠/٢٠٠٤م (٦) گەلاریزان ٢٧٠٤ ك (١٤) رمضان ١٤٢٥ هـ


## في هذا العدد


- قانون رقم (٣٨) لسنة ٢٠٠٤ — ص٢٠
  قانون الهيئة العامة للنفط والغاز والبتروكيميائيات لاقليم كوردستان العراق
- قانون رقم (٣٩) لسنة ٢٠٠٤ — ص٢٣
  قانون المؤسسة العامة للسياحة في اقليم كوردستان العراق
- قانون رقم (٤٠) لسنة ٢٠٠٤ — ص٣٠
  التعديل الثاني لقانون نقابة الصحفيين رقم (٤) لسنة ١٩٩٨ المعدل
- قرار برلمان كوردستان رقم (٥٣) لسنة ٢٠٠٤ — ص٣٥
  منح الثقة للسيدة (د. أختر نجم الدين شمس الدين) وزيرة للتعليم العالي والبحث العلمي في ادارة السليمانية
- قرار برلمان كوردستان رقم (٥٤) لسنة ٢٠٠٤ — ص٣٦
  بعض التغييرات في اعضاء اللجان الدائمية للمجلس
- نظام رقم (٢) لسنة ٢٠٠٤ لرئاسة مجلس الوزراء — ص١٩
  نظام علم كوردستان



www.moj-kurdistan.com
www.geocities.com/waqaea
e.mail: waqaea@yahoo.com

البدالة (٢٢٣١٨٢٣ _ ٢٢٣١٨٣٦ _ ٢٢٣١٤٣٣)

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق**
**ژمارەی دەرهێنـان: ٣٨**
**ڕۆژی دەرهێنـان: ٢٠٠٤/٩/٢٩**

پشت بە حوکمی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦)وماددەی(٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی سالّی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران و، ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق لە دانیشتنی ژمارە (٤٨)ی ڕۆژی (٢٠٠٤/٩/٢٨)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەلاّتەش کە بڕگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی سالّی (١٩٩٧) پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە( ٣٨ )ی سالّی ٢٠٠٤
## یاسای دەستەی گشتیی نەوت وگازو پترۆکیمیاییەکانی هەرێمی کوردستانی عیراق

## بەشی یەکەم
## پێناسەکان

**مـاددەی یـەکـەم:**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە، لەم یاسایەدا، ماناکانی بەرمبەریانە:

١) **هـەرێـم**: هەرێمی کوردستانی –عیراق.
٢) **ئـەنـجومـەنـی وەزیـران**: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عیراق.
٣) **دەسـتـە**: دەستەی گشتیی نەوت وگازو پترۆکیمیاییەکان.
٤) **سـەرۆکـی دەسـتـە**: سەرۆکی دەستەی گشتیی نەوت وگازو پترۆکیمیاییەکان.

**مـــاددەی دووەم:**

لە هەرێمدا، دەستەیەکی گشتی بە ناوی دەستەی گشتیی نەوت وگازو پترۆکیمیاییەکان دادەمەزرێ و بە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەبەسترێ وفرمانبەرێك بە پلەیەکی تایبەت سەرۆکایەتیی دەکا، لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دادەمەزرێ بە مەرجێ شارەزاییەکی تەواوی لە نەوت وگازو پترۆکیمیاییەکاندا هەبێ و، لە کەمییش بڕوانامەی خوێندنی زانکۆیی هەبێ.

**مـاددەی سـێـیـەم:**

ئەم دەستەیە بوجەی سەربەخۆی تایبەت بە خۆی هەیە.

**مـاددەی چـــوارەم:**

ئامانجگەل وئیشەکانی:

ڕەخساندنی هەلومەرجی لە بار بۆ ڕاکێشان و دنەدان وچاودێری کردنی کۆمپانیاو دامودەزگاگەلی محەللی وبیانی تا دارایی خۆیان لەم بوارو پرۆژانەی خوارەوەدا وەبەربهێنن:

١–دۆزینەوەو بەرەوچاکتربردنی کیلگەکانی نەوت وگاز.
٢–گواستنەوەی نەوتی خاووگازی سروشتی.

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٣-پالاَوتنى نەوتى خاووگاز.
٤- گواستنەوەو دابەشكردن و وەبازاڕگەياندنى بەروبوومى نەوتين وگاز.
٥-فراژوكردنى كەرتى خزمەتگوزاريى نەوت وگاز.

**مـاددەى پـێـنـجـەم:**

ئەرك وفەرمانى دەستە:

١-كاروبـارى تايبـەت بـە بوارگـەل وپرۆژەكـانى ماددەكـەى سـەرەوە، بەهاودەنگى لـە گـەلّ كۆمپانيـاو دامودەزگاى محەللى وبيانى وئەوانەشيان كە حەز بە هاوكۆمەكى دەكەن يان هەر لە هەرێمدا ئيش دەكەن، سازبدرێن وبەرەوپيريانەوە بچن ودانوستاندنيان لەگەڵدا بكەن و،پێكهاتن وكرێبەستيان لەگەڵدا مۆربكـەن، يـان سەرپەرشتييان بكەن، يان تا جێبەجێكردنيان بەدووياندا بچن و، كاروبارەكانيش بە هاودەنگى لە گـەلّ لايەنى پەيوەنديداروپسپۆرى مەركەزيى فيدراڵيشدا رێك بخەن.

٢-مۆركردنى گرێبەستيى نەوت و گازو موشتەققاتى ديكە، دواى رەزامەنديى سـەرۆكى ئەنجومـەنى وەزيران .

٣-بەركارخـستن و سەرپەرشـتيكردنى ئـەو گرێبەسـتييە نەوتيانـەى كـە بـۆ وەبـەرهێنان و سوودلێوەرگرتنى سامانى پەترۆلّ لەگەلّ كۆمپانياكانى نەوتى جيهانيدا مۆركراون.

٤-كۆكردنــەوەى هــەموو ئــەو زانيــارى وبەياننامــە ولێكۆڵينــەوە جيۆلــۆجى و جيۆفيزيــايى وجيۆكيميايييانە كە تايبەتن بە گواستنەوەو پالاَوتنى نەوتى خاوو بە سـەنعەتكردنى گـازو گواسـتنەوەو دابەشكردنى بەروبومى نەوت وپترۆكيميايى هەرێم، هـەروەها ئەوانـەش كـە بەشـێوەيەكى ناڕاسـتەوخۆ پەيوەندييان بـە هەرێمـەوە هەيە،پێويستيـشە تـەبويب بكـرێن وتاقـت بكـرێن و بپـارێزرێن بەوشـێوازە پێـشكەوتووانەى لـە سـەنعەتى نـەوتى جيهانيـدا بـەركارخراون ، تـا سووديـشيان لـىّ وەربگـيرىّ لـە پرۆژەگەل و ئيش وكارى هەرێمدا وبشپارێزرێن.

٥-دووبارە هەڵسەنگاندنى يەدەگى نەوت و گاز لە هەرێمدا، لەبەر رۆشنايى سەرهەڵداوى نوىّ تيۆر( بيردۆز) وشێوازگەلى تازە.

٦-دانـــانى پلانێكـــى ســـتراتيژيى دوورخايـــەن و يەكديتەواوكـــەر(متكامـــل) بـــۆ دامەزرانـــدن و بەرەوچاكتربردنى سەنعەتى گازۆپترۆكيمياييەكان لە هەرێمدا.

٧-پاڵپـشتى وچـاودێريكردنى فرمـانى لێكۆڵينـەوەى زانستى زەوى وخـاك وسـەنعەتى نـەوت وگـاز وپترۆكيمياييەكان لە زانكۆ وپەيمانگاكانى هەرێمدا، هەروەها ، بابەتى لێكۆڵينەوەو ئەوەلـەوييەتيان بـۆ فەراهەم بكرىّ.

٨-كۆشش بۆ ئەفراندنى كاديرگەلى پـسپۆر لـە بـوارى نـەوت وگـاز و پترۆكيمياييەكانـدا، هـەروەها مەشقدان و بەرەوچاكتر بردنيان لەناوەوەو لە دەرەوەى هەرێمدا.

٩-بـــەدوا داچـــوونى پێـــشەڤەچوون وســـەرهەڵداو ى نـــوىّ ومونجـــەزات لـــە بـــوارى نـــەوت وگازوپترۆكيمياييەكانداو، فێربوون وگواستنەوەى وەستايى و شارەزايى و تـەكنۆلۆژياى هاوچـەرخ ولـە بار بۆ هەرێم.

**مـاددەى شـەشـەم:**

رێكخستەى پەيكەرەكەى: ئەم دەستەيە لەم بەڕێوەبەراتيەگشتييانەى خوارەوە پێكدێت:

١-بەڕێوەبەرايـەتى گـشتيى كـۆڵين: لـە بەشـى ئەنـدازەى كـۆڵين وجيۆلۆجيـاو ئەنـدازەى نـەوت (حەشارگاكان) وحاسيبە ئەلكترۆنيەكان پێك دێت.

٢-بەڕێوەبەرايەتى گشتيى عەمەلييات: لە بەشى ڕەنێوهـانين(الانتـاج)و وەبازاڕگەيانـدن وكۆنترۆڵ وتەركيزو وێستگەكانى دابڕكردنى گازو لوولوكان ووێستەگەكانى پاڵنان (الضخ) وخەزنكردن پێك دێت.

ئـــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٣- بەڕێوبەرایەتی گشتیی کاروباری ئەندازەیی: لە بەشـەکانی کارگـەکانی مەرکـەزی ونـەقلییات و وەرشە میکانیکییەکان وئەندازەی پەیوەندیکردن وئامێری وردو دیاریکردنی ئامێروئامرازو کۆنترۆڵ پێك دێت.

٤-بەڕێوەبەرایـەتی گـشتیی کاروبـاری ئیـداری: لـە بەشـەکانی تایبـەت بـە ئیـدارەی فرمانبـەران وکاروباری یاسایی ونیشتەجێکردن پێك دێت.

١-بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری دارایی وبوجە: لە بەشەکانی حاسبە وبوجـەو کۆگـاو کـۆنترۆڵ ومشتەرەیاتی دەرەوەو ناوەوەو تەدقیق پێك دێت.

٢-بەڕێوبەرایەتی گشتیی پۆلیسی پاراستنی نەوت: لە بەشەکانی تایبەت بە پاراستنی دامودەزگـای نەوت وئەفرادو موڵك ومالّی دەستەکە پێك دێت.

**مـاددەی حـەوتـەم:**

سەرۆکی دەستە بۆی هەیە کادیرگەلی وەزیفی دابمەزرێنیّ، تـەنیا راوێـژکارو بەڕێوەبەرەگشتیەکان نەبیّ کە سەرەك وەزیران دایاندەمەزرێنیّ.

**مـاددەی هـەشـتـەم:**

تەشکیلاتی کاروباری نەوت وگاز لە وەزارەتی پیـشەسازی وکارەبـا دادەبڕدرێـت وبـەم دەسـتەیەوە دەبەستریّ.

**مـاددەی نـۆیـەم:**

سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران بـۆی هەیـە رێنماییگـەلی پێویـست بـۆ سـانا بەرکارخـستنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربهێنیّ.

**مـاددەی دەیـــەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخاتەبەرکار.

**مـاددەی یــازدە:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان)دا، دەخرێتە بەرکار.

**د.کـمال عبدالکـریـم فـؤاد**
**سـەرۆکـی ئـە نجـومـەنی نیـشـتمانیـی**
**کـوردسـتانی ـ عێـراق**

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق**
**ژمارەی دەرهێنان :٣٩**
**رۆژی دەرهێنان : ٢٠٠٤/٩/٢٩**

پشت بە حوكمی برگە (١)ی ماددەی (٥٦)وماددەی(٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران و، ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی– عێراق، لە دانیشتنی ژمارە(٤٨)ی رۆژی (٢٠٠٤/٩/٢٨)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو سەڵاحییاتەش کە برگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە( ٣٩ )ی ساڵی ٢٠٠٤
## یاسای دەزگای گشتیی گەشتوگوزار
## لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا

## بەشی یەکەم
## پێناسەکان

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم دەسەواژانەی خوارەوە، بۆ ئەم یاسایە، ماناکانی بەرامبەریانە:

١–**هەرێم**: هەرێمی کوردستانی عیراق.

٢–**ئەنجومەنی وەزیران**: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عیراق.

٣–**دەزگا**: دەزگای گشتیی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا.

٤–**سەرۆکی دەزگا**: سەرۆکی ئیدارەی دەزگای گشتیی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا.

٥–**مەبەستی گەشتوگوزار**: مەبەست: حەوانەوەیە، بووژانەوەیە: وەرزشە، گەشتە، دڵکردنەوەیە، راوەو دیتنی جێگا دێرینەکانی مێژوو ئاسەوارو دیمەنی سروشت و، بزاڤی رابواردنی دیکەیە.

٦–**لانەی گەشتوگوزار**: ئەو شوینانەن کە مەبەستی گەشتوگوزاری تێدا مەیسەر دەبێ، بە نموونە، وەك: ئوتێل، خواردنگە، گازینۆ، مەنزلگەو جێگای رابواردنی دیکە.

٧–**ناوچەی گەشتوگوزار**: ئەو جێگایانەیە کە یارای ئەوەن بزاڤی گەشتوگوزاریان تێدا بکرێ و مەبەستی گەشتوگوزاریان تێدا بێتەدی.

## بەشی دووەم
## دامەزراندن و ئامانجەکان

**ماددەی دووەم:**

بەپێی ئەم یاسایە هەوارگایەکی گشتی بۆ گەشتوگوزار دادەمەزرێ و پێی دەگوترێ (دەزگای گشتیی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستانی عیراق)و فرمانبەرێك بە پلەیەکی تایبەت سەرۆکایەتیی دەکا. ئەم دەزگایە بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەیوەستەو، کارمەندەکانیشی بە بڕیاری سەرەك وەزیران دادەمەزرێن.

**ماددەی سێیەم:**

ئەم دەزگایە شەخسییەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و ئیداریی خۆی هەیە.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mejkurdistan.com

**مـاددەی چـــوارەم:**

ئەم دەزگایە بۆ وەدیهێنانی ئەمانەی خوارەوە هەوڵ دەدات:

١-دنـەدانی بزاڤـی گەشـتوگوزار، چـونکە گەشـتوگوزار سەرچـاوەیەکی گرنگـە لـە سەرچـاوەکانی سامانی نەتەوەیی هەرێم.

٢-بـەرفراوانکردنی بزاڤـی گەشـتوگوزار لـە هەرێمـداو، بایەخـدان بـە ناوچـە جۆربـەجۆرەکانی گەشتوگوزارو، وەبەرهێنانیان بۆ مەبەستی گەشتوگوزار.

٣-بەرزکردنەوەی سەویەی گەشتوگوزار لە لانە جۆربەجۆرەکانی گەشتوگوزاری هەرێمدا، بەجۆرێ، کە باشترین خزمەتی هەوارهەڵدان و هاتوچۆی نێوان ناوچـە گەشـتوگوزاریەکان بـۆ گەشـتکاران دابـین بکات.

٤-بەرەو باشتربردنی بزاڤی گەشتوگوزار لە هەرێمدا، چونکە لە هەمان کاتدا، بزاڤێکی راگەیانـدن و رۆشـنبیری و شارسـتانییەو بـە جـۆرێکی ئـەوتۆش کـە زۆرتـرین گەشـتکار لـە وڵاتـە جۆربـەجۆرەکانی جیهانەوە رابکێشێ و چاویان بە کە لە پوورو شارستانیەتی گـەلی کوردسـتان بکـەوێ و، قوربانیـدان و خەباتی ئەم گەلەی تێدا پیشان بدرێ کە لە رێگای ئازادیی خۆیدا بەخشیوێتی.

**مـاددەی پـێـنـجـەم:**

دەزگا تێدەکۆشێ، لەم رێگایانەی خوارەوە، ئامانجەکانی خۆی بهێنێتەدی:

١-هەوڵ دەدات چاوگە سروشتییەکانی، وەك، چیاو تاڤگەو کەناری رووبارو دەریاچەکان و کانیـاوە کانزاییەکان لە هەرێمدا وەسوود بهێنێ و بەرەو باشتریان ببات بەجۆرێ کە مەبەستەکانی گەشـتوگوزار بێنێتەدی.

٢-وەبەرهێنان و بەرەوچاکتر گۆڕینی جێگا مێـژوویی و ئاسـەوارەکان، بـەهاودەنگی لەگـەڵ لایەنـە پێوەندیدارەکاندا.

٣-دامەزراندنی کۆمەڵگەو ئوتێلی گەشتوگوزارو جێگای رابواردن و باخچەو شتی دیکەی بەسوود بۆ گەشتوگوزار.

٤-دنەدان و پشتگرتنی کـەرتی تایبـەت بـە شـێوازی جۆربـەجۆر لـە پێنـاوی وەگەڕخستنی بزاڤـی گەشتوگوزار لە هەرێمدا بە نموونە، وەك ئەوەی، زەوی وزار بدرێ بـە هاووڵاتیـان، لانـەی جۆربـەجۆری گەشـتوگوزاری لەسـەر دابمـەزرێنن بـەپێی شەرتوشـرووتی ئـەو رێنماییانـەی کـە ئەنجومـەنی وەزیـران دەریدەهێنێ.

٥-بەکرێدان وبەکرێ گرتنی لانە جۆربەجۆرەکانی گەشتوگوزار.

٦-دامەزراندنی شیرکەتی جۆربەجۆری گەشتوگوزار.

٧-ئاسانکردنی خزمەتگوزاریی بانك لە ناوچەکانی گەشتوگوزاردا.

٨-دنەدانی کۆمپانیا بیـانی و وەبەرهێنـەرە بیانیـەکان تـا وەبـەرهێنان لـە بـواری گەشـتوگوزار لـە هەرێمدا بخەنەکار.

٩-کردنەوەی خولی مەشقدادان بۆ بەرەو چاکتر گۆڕینی لێهاتوویی کادیرەکانی گەشتوگوزار.

١٠-کردنەوەی نووسینگەو وەکالاتی گەشتوگوزار لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا بۆ پێـشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گەشتوگوزار.

١١-رێکخـستنی سـەفەری فـەردی و بـە کۆمـەڵ، بـۆ گەشـتوگوزار لـە هەرێمـەوە بـۆ دەرەوەو لـە دەوڵەتانیشەوە بۆ هەرێم.

١٢-بەهێزکردنی هەست و ویستی گەشتیاری لە رێگا جۆراوجۆرەکانی راگەیاندنـەوەو، دەلیلێکـی تایبەتیش بۆ گەشتیاران دابنرێت.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

١٣–بـه هاوكۆمـەكى و هـاودەنگى لەگـەڵ لايەنـە پێوەنديـدارەكانى هەرێمـدا، تايبەتمەنـدى و قوربانيدانەكانى گەلى كوردستان بە روونى دەربخرێن و، لـە رێگـاى دروسـتكردنى پەيكـەرو پيـشانگاو چالاكيى جۆربەجۆرى هونەريەوە بەرجەستە بكرێن.

## بـەشـى سـێـيـەم
## پـێـكـهاتـەو سـەلاَحيـيـات

**مـاددەى شـەشـەم:**

سەرۆكى دەزگا: سەرۆكى ئيدارى و دارايـى دەزگاكەيـەو، مەرجيشە بڕوانامـەى زانكـۆيى هـەبێ و، خاوەن ئەزموون و لێوەشاوەبێ و خزمەتيشى لە پازدە ساڵ كەمتر نـەبێ، بـەبڕيارى سـەرەك وەزيـران دادەمەزرێ.

جێگـرى سـەرۆكى دەزگـا: مەرجـە بڕوانامـەى زانكـۆيى هـەبێ و، خـاوەن ئـەزموون و لێهاتوبێـت و خزمەتيشى لە دە ساڵ كەمتر نەبێ، كاتێ سەرۆكى دەزگا ديارنەبێ، ئەم جێگاى دەگرێتـەوە، ئـەميش بەبڕيارى سەرۆكى ئەنجومەنى وەزيران دادەمەزرێ.

بەڕێوەبەرى گشتيى گەشتيارى: مەرجـە بڕوانامـەى زانكـۆيى هـەبێ لـە بـوارى گەشـت وگوزاريـداو، خزمەتى گەشتياريشى لە دە ساڵ كەمتر نەبێ، بەبڕيارى سەرۆكى ئەنجومەنى وەزيران دادەمەزرێ.

**مـاددەى حـەوتــەم:**

سەرۆكى دەزگا لەم سەلاَحيياتەى خوارەوە ڕادەبێ:

١–بەڕێوەبردنى كاروبـارى دەزگـاو، سـەرۆكايەتى كردنـى كۆبوونـەوەكانى و، سەرپەرشـتى كردنـى دايەرەكانى.

٢–نواندنى دەزگا لەبەردەم دادگاو دايەرە پێوەنديدارەكاندا.

٣–ئيمزاكردنى ئەو موخابەراتەى لە دەزگاكەوە دەردەچن.

٤– پێشنيازكردنى بوجەى گەشتوگوزارو ئامادەكردنى ميلاك و بوجەى ساڵانەو حساب وحسابكاريى كۆتايى.

٥–بۆ هەر حاڵەتێ، بەجيا، موافەقەت دەكات بڕێ پارە خەرج بكرێ لە پێنج مليۆن دينار نەترازێ.

**مـاددەى هـەشـتــەم:**

ئەنجومەنى دەزگا لەمانە پێك دێت:

١–سەرۆكى دەزگا سەرۆك

٢–جێگرى سەرۆكى دەزگا ئەندامەو، لە ديارنەبوونى سەرۆكى دەزگادا جێى دەگريتەوە.

٣–بەڕێوەبەرى گشتيى گەشتيارى ئەندامە

٤– بەڕێوەبەرى كاروبارى ياسايى دەزگاكە ئەندامە

٥– پسپۆرێك لە كاروبارى گەشتوگوزارو ئوتێلداريدا ئەندامە

٦– شارەزايەكى ئابوورى ئەندامە

٧– ئەندامێكى دى، يان زياتر هى ناوەوە يان دەرەوەى دەزگا كە پـسپۆربن و سـەرۆكى دەزگا بـە زەروورى بزانێ، لە دانيشتنەكانى ئەنجومەندا ئامادەبن، بەبێ ئەوەى مافى دەنگدانيان هەبێ.

**مـاددەى نـۆيـەم:**

ئەنجومەنى دەزگا بەم سەلاَحيياتانەى خوارەوە ڕادەبێ:

١–داڕشـتن و ئيقراركردنـى سياسـەتى گـشتى گەشـتوگوزار لـە هەرێمـدا، پـاش موافەقـەتكردنى ئەنجومەنى وەزيران.

ئـــەرشـيـفـى ڕۆژنـامـەى وەقـائـيـعـى كـــوردسـتـان
www.mojkurdistan.com

٢–تەسديقكردنى گرێبەستەكانى بنيادنان وبەرەوچاكترگۆڕينى مونشەئەو پرۆژەگەلى گەشتيارى و، وەبەرهانينيشيان .

٣–تەسديقكردنى ڕێكەوتننامەگەلى هاوكاريى گەشتيارى كە لەگەڵ لايەنەكانى دەرەوەدا بەستراوە، پاش موافەقەتكردنى ئەنجومەنى وەزيران.

٤–تەسـديقكردنى پـرۆژەى بوجـەى سـاڵانەو مـيلاك وحـساب وحـسابكاريى كۆتـايى دەزگاكـەو بەرزكردنەوەيان بۆ لايەنى پەيوەنديدار.

٥–ئەنجومەنى دەزگا سەلاحييەتى هەيە، زەوى وزارێكى دەوڵەت كـە بـۆ گەشـتوگوزار لـە باربێـت، بيكات بە موڵكى دەزگا، بەخۆڕايى، تابتوانێ ئامانجـەكانى خـۆى بـە زەمانـەت دەسـتەبەربكات، بـەڵام پێويستە لـە سـەرى بـەپێى ياسا بـەركارەكان قـەرەبووى خاوەنـانى مـافى تەسـەڕوف بـە شـێوەيەكى عاديلانە لە بوجە تايبەتەكەى خۆى بكاتەوە.

**مـاددەى دەيـەم:**

ئەنجومەن، لانى كەم، مانگى جارێك كۆدەبێتەوەو، هەركاتێكيش بە پێويست بزانرێت لەسـەر داواى سـەرۆكى دەزگـا، (نـصاب) يش بـە ئامـادەبوونى زۆرينـەى ئەندامـەكانى دێتـەجێ و، بڕيارگـەليش بـە زۆرينەى دەنگەكان دەدرێن. لە كاتى يەكسانبوونى دەنگەكانيشدا، ئەوە، لەو بارەدا دەنگى سـەرۆكى دەزگا بۆ چ لايەنێك بووبێت،هى ئەوانە.

## پـێـكهاتـەكانى دەزگـاى گـشـتـيى گـەشـت و گـــوزار

**مـاددەى يـــازدە:**

**بـەڕێـوەبەرايـەتـى گـشـتـيـى گـەشـتـيـارى:**

يـەكـەم:

بەڕێوەبەرايەتى گشتيى گەشتيارى، لەم بەڕێوەبەرايەتيانەى خوارەوە پێك دێت:

١–بەڕێوەبەرايەتى كاروبارى گەشتيارى: فرمانبەرێ بە پلەى بەڕێوەبەر بەڕێوەى دەبـا، بڕوانامـەى پسپۆڕى هەبێ وخزمەتيشى لە دە ساڵ كەمتر نەبێ.

٢–بەڕێوەبەرايـەتى ئيـدارەو دارايـى: فرمانبـەرێ بـە پلـەى بەڕێوەبـەر بـەڕێوەى دەبا،بڕوانامـەى پسپۆڕى هەبێ وخزمەتيشى لە دە ساڵ كەمتر نەبێ.

٣–بەڕێوەبەرايەتى پلان وبەدواداچوون: فرمانبەرێ بـە پلـەى بەڕێوەبـەر بـەڕێوەى دەبا،بڕوانامـەى پسپۆڕى هەبێ وخزمەتيشى لە دە ساڵ كەمتر نەبێ.

٤–بەڕێوەبەرايەتى ڕاگەياندن: فرمانبەرێ بە پلەى بەڕێوەبەر بەڕێوەى دەبا،بڕوانامەى پسپۆڕى لـە ڕاگەياندندا هەبێ و، خزمەتيشى لە دە ساڵ كەمتر نەبێ.

٥– بەڕێوەبەرايــەتى ئەنـدازيارى: فرمانبــەرێ بـە پلــەى بەڕێوەبــەر بــەڕێوەى دەبا،بڕوانامــەى بەكالۆريۆسى لە ئەندازياريدا هەبێ و،خزمەتيشى لە دە ساڵ كەمتر نەبێ.

٦– بەڕێوبەرايەتى كاروبـارى ياسـايى: فرمانبـەرێ بـە پلـەى بەڕێوەبـەر بـەڕێوەى دەبا،بڕوانامـەى بەكالۆريۆسى لە ياسادا هەبێ و،خزمەتيشى لە دە ساڵ كەمتر نەبێ.

٧– بەڕێوەبەرايەتيـەكانى گەشـتيارى لـە پارێزگاكـانى هەرێمـدا: فرمانبـەرێ بـە پلـەى بەڕێوەبـەر بەڕێوەى دەبا،بڕوانامەى پسپۆڕى هەبێ و، خزمەتيش لە دە ساڵ كەمتر نەبێ.

دووەم :

ئەركوفرمان وپێكهاتەو سـەلاحيياتى بەڕێوەبەرايەتيـەكانى برگـەى(يەكـەم)ى ئـەم ماددەيـە بـەپێى پێڕۆيەكى تايبەت ديارەدەكرێن.

ئـــەرشيفى ڕۆژنامەى وەقايعى كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

## بـەشـی چـــوارەم
## داهـاتـەكـان

**مــاددەی دوازدە:**

داهاتەكانی ئەم دەزگایە لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

١–ئەو مزە(رسوم) وقازانجانەیە كە لە بزاڤەكانیەوە دێنە دەست.

٢–كرێی لانەكانی گەشتیارییە.

٣–ئەو بەخشش و یارمەتی ودیارییانەشە كە بەپێی یاساو پێڕۆ و ڕێنماییگەلی بەركار پێشكەش بـە دەزگاكە دەكرێن.

**مــاددەی ســیــازدە:**

بـۆ هـەر ئیجازەپێـدانێكی لانەیـەكی گەشـتیاری یـان تازەكردنـەوەی ئیجازەكـەی بـەپێی ئەمانـەی خوارەوە مزەی ساڵانەی لێ دەسەندرێ:

٦٠٠ ٠٠٠ شەش سەد هەزار دینار مزی لانەیەكی گەشتوگوزاری دەگمەن.

٤٥٠ ٠٠٠ چوار سەدوپەنجا هەزار دینار مزی لانەیەكی گەشتوگوزاری پلە یەك.

٣٠٠ ٠٠٠ سێ سەد هەزار دینار مزی لانەیەكی گەشتوگوزاری پلە دوو.

١٥٠ ٠٠٠ سەدوپەنجا هەزار دینار مزی لانەیەكی گەشتوگوزاری پلە سێ.

٧٥ ٠٠٠ حەفتاوپێنج هەزار دینار مزی لانەیەكی گەشتوگوزاری پلە چوار.

٣٨ ٠٠٠ سی وهەشت هەزار دینار مزی لانەیەكی گەشتوگوزاری پلە پێنج.

**مــاددەی چـــواردە:**

ئەم دەزگایە بوجەی تایبەتی خۆی هەیە، بـە لانـی كـەم، سـێ مـانگ بـەر لـە دەست پێكردنـی سـاڵی دارایی پێشكەشی دەكات بە ئەنجومەنی وەزیران، تا لە چوارچێوەی بوجەی هەرێمدا تەسدیقی بكات.

**مــاددەی پـــازدە:**

ئـەم دەزگایـە لـە هـەموو مزەیـێ سـەرفرازە، تـەنها مـزەی گـومرگی خـۆراك وخواردنـەوەی لـە دەرەوەهاوەردەی خۆی نەبێ.

**مــاددەی شـــازدە:**

لە پێناوی دەستەبەركردنی ئامانجەكانی ئەم دەزگایە كە دەقەكانیان لەم یاسایەدا هاتووە، هـەموو پرۆژەو لانەگەشتیارییە پۆلێنكراوەكان، بەر ئەو عفوە یان بەر بەشێ لەو عەفوە دەكەون كە بۆ پـرۆژە پیشەسازیەكان ئیقراركراوە.

## بـەشـی پـێـنجـەم
## حـوكـمە كـــۆتــایــیـەكان

**مــاددەی حــەڤــدە:**

دەزگا، پێویستە لەسەری ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران وەربگرێ لەسەر هەر بزاڤێكی خـۆی لـە دەرەوەی عیراقدا پیادەی بكات.

**مــاددەی هــەژدە:**

دەستەی گـشتیی گەشـتوگوزارو هـەموو تەشـكیلاتەكانی كـە دەقـەكانیان لـە یاسـای ژمـارە(١٥)ی ساڵی(١٩٩٢)ی وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزاری هەرێمی كورستانی عیراقـدا هـاتووە، ئیلغـادەكرێن و، هەموو موڵك و ماڵێكی گواستەنی و ناگواستەنیی لـە مونشەئات و خانووبـەرەو لانـەی گەشـتیاری و زەوی وزاری تەرخانكراو، بە خانووی گەشتیاری و ئوتێل و شارو گوندو خواردنگەو كۆشكی گەشـتیاری

ئـــەرشـیـفی ڕۆژنـامـەی وەقـائـیعی كـوردستان
www.mojkurdistan.com

و هەر موڵك وماڵێكی دیكەشەوە، هەر هەمووی، دەبن بە موڵكی دەزگای گشتیی گەشتوگوزارو، بەناوی دەزگاكەوە لە دایەرەی عیقاریدا تۆماردەكرێن.

**مـاددەی نـــۆزدە:**

حوكمـــەكانی یاســـای ژمـــارە(٤٩)ی ســـاڵی ١٩٧٧ی دەزگـــای گـــشتیی گەشـــتوگوزار، بـــە هەمواركردنەكانیشیەوە، لە هەرێمی كوردستانی عیراقدا لەكاردەخرێن.

**مـاددەی بـیـست:**

ئەنجومەنی دەزگا بۆی هەیە، بەبێ ئەوەی پابەندبێت بـە حوكمـەكانی یاسـای ژمـارە(٣٢)ی سـاڵی ١٩٨٦(یاسای فرۆشتن و بەكرێدانی موڵك وماڵی دەوڵەت)ەوە، هەموو جۆرە زەوی وزارو عیقارێ بەپێی رێنماییگەلێ كە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەریدەهێنێ بەكرێ بدات و بەكرێ بگرێ وبیكرِێ و بیفرۆشێ.

**مـاددەی بـیـست ویــەك:**

تەنیا ئەم دەزگایە بـۆی هەیـە بـەدەر لـە حوكمـەكانی یاسـای ژمـارە(٢٥)ی سـاڵی (١٩٥٩)ی نـاوە بازرگانیەكان، ناو لە ئوتێل و مونشەئە گەشتیاریەكانی هەرێمی كوردسـتانی عـیراق بنێـت و، پێویـستە لەسـەر لایەنـە پێوەندیـدارەكانیش لـە پێـدان و تازەكردنـەوەو ئیلغـاكردنی ئیجازەگـەلی فرۆشـتنی خواردنەوەی سەرمەستیدا موافەقەتی ئەم دەزگایە وەربگرن.

**مـاددەی بـیـست ودوو:**

نابێ بە پێچەوانەی تەصمیمەكانی ئەم دەزگایە كە خۆی لەمەودوا ئامادەیان دەكـا، مونشەئەو بینـا لەنوێ بنیادبنرێن یان رووكاری ناوچە گەشتیاریەكان دەسكاری بكرێن وبگۆڕدرێن.

**مـاددەی بـیـست وسێ:**

ناوچەكانی گەشتوگوزار كە بەر حوكمەكانی ئەم یاسایە دەكەون لەلایـەن سـەرۆكایەتی ئەنجومـەنی وەزیرانەوە دیاردەكرێن و لە رۆژنامەی رەسمیی هەرێمیشدا بڵاودەكرێنەوە.

**مـاددەی بـیـست وچــوار:**

كەسانێ، مـافی تـصروفیان لـە زەوی وزاری بـەموڵكبوونی دەوڵەتـدا هـەبێ، بـەدەر لـە حوكمـەكانی برِگە(یەكەم)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(٥٣)ی ساڵی ١٩٧٦(یاسای یەكخستنی صـنفەكانی زەوی وزاری دەوڵـەت)، بۆیـان هەیـە پـرۆژەی گەشـتیاری وگازینۆگـەلی لەسـەر دروسـت بكـەن دوای ئـەوەی موافەقەت لە سـەرۆكایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران و دایـەرە پێوەندیـدارەكان وەردەگـرن بەكرێیـەك كـە بەپێی رێنمـایی وەزارەتـی دارایـی وئـابووریی هـەرێمی كوردسـتان، بـەهاودەنگی لەگـەڵ سـەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیراندا دیاری دەكات.

**مـاددەی بـیـست و پـێـنج:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەركار.

**مـاددەی بـیـست وشـەش:**

ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ بەئاسان بەركارخستنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربهێنێ.

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان

**مـاددەی بـیـست وحــەوت:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوكمەكانی ئەم یاسایە بخەنە بەركار.

www.mojkurdistan.com

**مـاددەی بـیـست وهـەشـت:**

ئەم ياسايە لە رۆژی بلاوکردنەوەی لە (وەقايعی کوردستان) دا دەخرێتە بەرکار.

**د.کـمال عبدالکـريـم فـؤاد**
**سـەرۆکـی ئـە نجـومـەنی نيـشـتمانيـی**
**کـوردسـتانی ـ عێـراق**

**- هـۆکـارە زەروورەکـــان-**

لەبـەر ئـەوەی کـە هـەرێمی کوردسـتانی عـێراق بـۆ گەشـتوگوزار رسـکاوەو هاوينەهـەوارو لانـەی گەشتياری و ناوچەو جێگای ئاسەواری مێژوويی و ئاينيی جۆربەجۆری زۆری هەيەو لەبـەر ئـەوەش کـە کەرتی گەشتوگوزار زۆر گرنگەو بە چاوگەيەکی سـەرەکيی سـامانی نيـشتمانی و بـە ئـامرازێکی کـارای ناساندنی کەلەپوورو شارستانييەتی گەلی کوردستان بە گەلانی جيهان دادەخرێ و، لە پێناوی دنەدانی بزاڤی گەشتياری و راکێشانی گەشتياران کە ئەمەش بە دامەزراندنی دامودەزگاو لانەی گەشتياريی نوێ و هاوچـەرخ لـە هەرێمـدا دێتـەدی و، بـۆ ئـەوەش کـە رۆلێکـی کـاراو سـەرەکی بـۆ دەزگـای گـشتيی گەشتوگوزار لەو بوارانەدا بڕەخسێ، لەبەر ئەوانە هەمووی، ئەم ياسايە دانرا.

ئـــــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی کــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق**
**ژمارەی دەرهێنان : ٤٠**
**رۆژی دەرهێنان : ٢٠٠٤/١٠/٦**

پشت بە حوکمی برِگە (١)ی ماددەی (٥٦)وماددەی(٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی– عێراق و، ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەن لە دانیشتنی ژمارە(٤٩)ی رۆژی (٢٠٠٤/١٠/٥)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو سەلاحییاتەش کە برِگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە، برِیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە (٤٠) ی ساڵی ٢٠٠٤
## یاسای دووەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی (١٩٩٨) ی سەندیکای رۆژنامەوانان

**ماددەی یەکەم:**

هەردوو برِگەی (د، ه)لە ماددەی یەکەم هەمواردەکرێن و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێنەوە:

د–رۆژنامەوان: هەر کەسێ کاری رۆژنامەوانی بکاو، ئینتیمای سەندیکاکەی کردبێ و ئیلتیزامی خۆی بەجێ هێنابێ.

ه–رۆژنامە(صحیفة): ئەو چاپکراوەیە کە لە ژێر ناوێکی دیارکراودا وبە زنجیرە ژمارەیەکی رێکوپێك، خولاوخول دەردەچێت و ئامادەدەکرێ بۆ بلاوکردنەوە لە ناو جەماوەردا.

**ماددەی دووەم:**

ماددەی(دووەم) لە یاساکە هەمواردەکرێ وبەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(بەپێی ئەم یاسایە، سەندیکایێ بۆ رۆژنامەوانان سازدەدرێ، پێی دەڵێن سەندیکای رۆژنامەوانانی کوردستانی عیراق و، بارەگا سەرەکییەکەشی لە هەولێری پایتەختی هەرێم دەبێت و، بۆیشی هەیە لق لە پارێزگاکان و لە بەغدای پایتەختی عیراقی فیدراڵی بکاتەوە).

**ماددەی سێیەم:**

ماددەی سێیەم لە یاساکە هەمواردەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

سەندیکای رۆژنامەوانانی کوردستان رێکخراوێکی پیشەییەو، شەخسییەتی مەعنەویی سەربەخۆی خۆی هەیە.

**ماددەی چوارەم:**

ماددەی(چوارەم)هەمواردەکرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

سەندیکا، بۆ وەدیهانینی ئەمانەی خوارەوە تێدەکۆشێ:

١–رێزگرتن و داکۆکی لە ئازادیی رۆژنامەوانی و ئازادیی رادەربرِین، هەروەها داکۆکی لە مافی رۆژنامەوانان و زامنکردنی پاراستنیان لە بەجێ هێنانی ئەرك و فرمانیاندا.

٢–ئەرکی دەستکەوتنی دەنگوباس و زانیاریەکانیان بۆ ئاسان بکا.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

٣–وەرگرتنی سەندیكاكە لە یەكێتیگەلی رۆژنامەگەریی جیهانی و ئیقلیمیدا، هەروەها هەڵبەستنی پێڵ وپێوەندی لەگەڵیاندا.
٤–قاڵكردنی رۆژنامەوانان بە هەموو شێوازێ بلوێ وبكرێ.
٥–پشتیوانی و لایەنگرتن لە رۆژنامەوانان لە حاڵەتی زەروورەدا.
٦–بەرجەستەكردنی رژێمی فیدراڵی، یان هەر شتێكی دی كە گەلی كوردستان خۆی بە دڵی بێ.
٧–داكۆكی كردن لە بنەماكانی دیموكراسی و، ئازادییە بنەڕەتەكان و، ئاشتی و بنەماكانی مافی مرۆڤ.
٨–پشتیوانی لە خەباتی گەلی كوردستان لە پێناوی وەدیهانینی مافە نەتەوەییەكانی خۆی و، رەواج پێدانی بنەمای لێبوردەیی و بێ زەبروزەنگی لە كۆمەڵگەداو، داكوتانی رەگی برابوونی نەتەوەیی وئایینی و یەكسانی لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا.
٩–بەشداری كردن لە بنیادنانی دەوڵەتی دەزگاكاری و، بەهێزكردنی بنەمای جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان.
١٠–پاراستنی سەروەرێتیی یاساو سەربەخۆیی دادوەری.
١١–پاراستن و بەرەوچاكتر گۆڕینی رۆشنبیریی نەتەوەیی ونیشتمانی.

**مـاددەی پـێـنـجـەم:**

ماددەی(شەشەم) هەمواردەكرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
(رۆژنامەوانان لە سجلی گشتیی سەندیكادا دەكرێن بە سێ پۆل:

**یەكەم**: رۆژنامەوانی بەرمەشق: ئەو كەسەیە كە هەر سێ كەناڵەكەی رۆژنامەگەریی كردووە بە پیشەی سەرەكیی خۆی. تا دوو ساڵی لەسەریەكیش بەسەر پیادەكردنی ئەم پیشەیەیدا تێنەپەڕێ و ناویشی لە سجلی گشتیدا تۆمارنەكرێ و لەو لایەنەوەش كە ئیشی تێدا دەكا تەئییدنەكرێ، نازناوی (رۆژنامەوانی كارا)ی پێ نابەخشرێ وهیچ ئیمتیازێكی وەك ئیمتیازەكانی رۆژنامەوانی كارای پێ نادرێ تا ئەوكاتەی كە ناوی خۆی دەگوازێتەوە بۆ ناو لیستی ئەو پۆلە، جا، ئەوجا ماوەی مەشقەكەی دەخرێتە سەر ماوەی خزمەتەكەی. ماوەی پلەكارییش بۆ كەسێ بڕوانامەی بەكالۆریۆسی لە رۆژنامەگەری و راگەیاندن یان لە هاوتاكانی ئەو بڕوانامەیەدا هەبێ، یەك ساڵە.

**دووەم**: رۆژنامەوانی كارا: ئەو كەسەیە، كە بەرەفتار لە هەرسێ كەناڵەكانی رۆژنامەگەریدا، دوو ساڵ كاری كردووە، یان دوو ساڵە كاری تێدا دەكات و كردوونی بە پیشەی سەرەكیی خۆی و، ئەو ماوەیەش كە لە بڕگەی یەكەمدا دیاركراوە بەسەر ئیشەكەیدا تێپەڕبووە.

**سێیەم**: رۆژنامەوانی هاوپشك: ئەو كەسەیە كە ئیش وكاری رۆژنامەوانی دەكا، بەڵام نەیكردووە بە پیشەی سەرەكیی خۆی و، بەڵگەی ئەوەشی گرێبەستیگەلێكە كە لایەنە پێوەندیدارەكان بۆی دەسەلمێنن. مافی ئەوەشی هەیە پاش تێپەڕبوونی ماوەیەك كە لە پێنج ساڵی لەسەریەك كەمتر نەبێ ناوی خۆی بگوازێتەوە بۆ سجلی گشتیی رۆژنامەوانان و، پیشەی رۆژنامەگەرییەكەشی بكات بە پیشەی هەمیشەیی خۆی.

**مـاددەی شـەشـەم:**

ماددەی حەوتەم و ریزبەندییەكەی هەمواردەكرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كــــوردستان
www.mojkurdistan.com

١-هەیئە (دەستە)ی گشتیی.

٢-نەقیب.

٣-لیژنەی زەپتی.

٤-لیژنەی ریقابە.

٥-لقەكانی سەندیكاكە.

**مـاددەی حـەوتــەم:**

ماددەی(هەشتەم)لە یاساكە هەمواردەكرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

١-دەبێ هاوولاتی هەرێمی كوردستان بێت یان لە هەرێمی كوردستان نیشتەجێ بێت.

٢-دەبێ ئەهلییەتی پیشەیی و یاسایی هەبێت.

٣-بە جینایەتێ یان بە جونحەیەكی ئابڕووبەر حوكم نەدرابێ.

٤-دەبێ عینوانێ لە عینوانە رۆژنامەگەرییەكانی ماددەی(٢٣)ی هەبێ.

**مـاددەی هـەشـتـەم:**

ماددەی نۆیەم بە هەردوو بڕگەكەشییەوە هەمواردەكرێو بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

بەئەندامبوونی سەندیكا بەم جۆرە دەبێ:

١-داوایـەك، بـە نووسـین پێـشكەش بكـا بـە ئەنجومـەنی سـەندیكا، ئـەو مـاددە رۆژنامەوانیانـەی لەگەڵـدابێ كـە خـۆی بـڵاوی كردوونـەوە یـان هەرشـتێكیدی گـەواهی ئـەوە بـدات كـە ئیـشی رۆژنامەوانیی كردووە، ئەنجومەنیش پێویستە لە مـاوەی سـی رۆژدا، كـە لـە رۆژی تۆمـاركردنی داواكەیەوە دەست پێدەكا، سەیری داواكەی بكاو یەكلای بكاتەوە. خۆ ئەگەر هات و ماوەكەش تێپەڕی وهێشتا داواكەش بە بنبڕی سەیر نەكرابوو، ئەوە، لەو بارەدا بە شێوەیەكی ئۆتۆماتیكی بە قبوڵكراو لەقەڵەم دەدرێ.

٢-ئەگەر داواكە قبوڵ نەكرا، لایەنی پێوەندیدار پێویـستە هـۆی قبـوڵ نەكردنەكـەی پیـشان بـدات، داواكارەكەش بۆی هەیە، لە ماوەی پازدە رۆژدا، كە لە رۆژی تەبلیغەوە دەست پێدەكات، یـان بـە تـەبلیغ كـراو دادەنـرێ، لـە دادگـای تـەمییزی هـەرێمی كوردسـتانی عـیراق تانـە لـە بڕیـاری قبوڵنەكردنەكە بدات، ئیدی بریاری تەمییز بنبڕە.

**مـاددەی نـۆیــەم:**

ماددەی (دەیەم) لە یاساكە هەمواردەكرێو بەم شێوەیەی خوارەوە دەخۆیندرێتەوە:

١-دەستەی گشتی باڵاترین دەسەڵاتە لە سەندیكاكەداو، هەموو ئەو رۆژنامەوانە كـارا مونتەسـیبانە دەگرێتەوە كە ئیلتیزاماتی خۆیان بەپێودانگی ئەم یاسایە بەجێهێناوە.

٢-دەسـتەی گـشتی، كـۆنگرەی خـۆی، لـە بارەگاكـەی خۆیـدا سـێ سـاڵ جارێـك كـە لـەرۆژی هەڵبژاردنەكەیەوە دەست پێ دەكا بە بڕیاری ئەنجومـەن و لەسـەر داوای نـەقیب دەبەسـتێ بـۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەنەیكاو سێ ئەنـدامی یـەدەگ و هـەردوو لیژنـەی زەپتـی و ریقابـە بـە دەنگدانی نهێنی.(نصاب) یش بە ئامادەبوونی دوو سێیەكی ئەندامانی هەیئەی گشتی دێتەجێ.

لە حاڵەتێكیشدا (نصاب) نەهاتە جێ، ئەوە لەو بارەدا هەڵبژاردن پاش پـازدە رۆژ لـە كۆبوونـەوەی یەكـەم لـە هەمـان كـات ولـە هەمـان جێگـەدا ئـەنجام دەدرێ، جـا، ئـەوجا (نـصـاب) بـە

www.mojkurdistan.com

ئامـادەبوونی زۆرینـەی ئەندامـەکان دێتـەجیٚ و، دوو سـێیەکی ئەنـدامانی سـەندیکاکەش بۆیـان هەیە، لە کاتی پێویستدا داوای کۆنگرەبەستن بکەن.

٣- لە بارێکدا، ئەگەر ژمارەی ئەندامانی هەیئەکـە (دەسـتـەکە) لـە پێـنج سـەد ئەنـدام پتربـوون، ئەوە، لـەو بـارەدا، هەڵبـژاردن لـە ڕێگـای مەندوبەکانـەوە (نوێنەرەکانـەوە) ئـەنجام دەدریٚ و، ڕێژەی نواندنیش لە لایـەن ئەنجومـەنـەوە، یان لە لایەن جێگری ئەنجومەنەکـەوە دیاردەکـریٚ بە ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکاشەوە.

٤- هەیئەی گشتی، بـە دەنگـی دوو سـێیەکی ئامـادەبووان، مـافی هەڵوەشـاندنەوەی سـەندیکاکەی هەیە.

**مـاددەی دەیـەم:**

(مـاددەی یـازدە) هـەموار دەکـریٚ و، بـەم شـێوەیەی خـوارەوە دەخوێنرێتـەوە: هەیئەی گشتی ، هەر سیٚ ساڵ جارێك بـە ئامـادەبوونی ئەندامـەکانی لـە کۆنگرەیەکدا کۆدەبێتـەوە و، بڕیارەکانی بە زۆرینەی دەنگ دەردەهێنیٚ و، گفتوگۆ لەسەر ڕاپۆرتگەل و کاروباری سەندیکاو حساب و حسابکاری دەکاو ڕاسپاردەی خۆیشی لە بارەیانەوە پێشکەش دەکات.

**مـاددەی یـازدە:**

(ماددەی دوازدە) لە یاساکە هەمواردەکریٚ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

١- مەرجە، ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا، بە نەقیبیشەوە، سیٚ ساڵ بەسەر وەرگرتنی پلەی ئەندامی کارایاندا تێپەڕیبێت.

٢- ناشیٚ، ئەندامێتی ، لەو لیژنانەدا کە هەیئەی گشتی هەڵیبژاردوون، پێکەوە کۆبکرێنەوە.

**مـاددەی دوازدە:**

(ماددەی چواردە) لە یاساکە لەغودەکریٚ و، ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە:

١- نەقیب ڕاستەوخۆ لە لایەن هەیئەی گشتییەوە هەڵدەبژێردرێت و، ناشیٚ بۆ زیـاتر لـە دوو خـولی دوابەدوای یەك خۆی بۆ پلەی نەقیب بپاڵێویٚ.

٢- نەقیب ناشیٚ سەرۆکایەتیی دوو کۆمەڵەی هاوشێوە لە ئامانج و مەبەستدا وەربگریٚ.

**مـادەی سـیـازدە:**

(ماددەی پازدە) لە یاساکە هەموار دەکریٚ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

١-لیژنەی ڕیقابـە: لـە سـەرۆکێك و دوو ئەنـدام پێـك دێـت، ئیشیـشی ئەوەیـە تـەدقیقی خەسـڵەتی ئەندامێتی بکاو، بزانیٚ تا چەند لەگەڵ شەرتوشرووتی یاساییدا یەك دەگرێتەوە.

٢- لیژنەی زەپتی: لە سەرۆکێك و دوو ئەندام پێك دێت، ئیشیـشی ئەوەیـە لـەو شـکات وسـکاڵایانە بپێچێتەوە کە لە ئەنجومەنـەوە بـۆی هەواڵـە دەکـریٚ، تـا بـەپێی حوکمـەکانی ئـەم یاسـایە یـەکلاییان بکاتەوە.

**مـاددی چـواردە:**

بڕگەی (١) لە ماددەی شازدە هەموار دەکریٚ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

١-سەندیکا بۆی هەیە لە پارێزگاکاندا لق بکاتەوە. لیژنەی لق لە پێنج ئەندام پێك دێت، ئەندامانی لق، لەو ڕۆژنامەوانەکارایانەیٚ لە پارێزگاکەدا بە پیشەی ڕۆژنامەگەرییەوە خەریکن هەڵیاندەبژێرن.

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کــوردستان
www.mojkurdistan.com

**مـاددەی پـازدە:**

برگەی (٤) لە ماددەی نۆزدە هەموار دەكرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

٤- رۆژنامەوانیّ، بەپێی حوكمەكانی یاسای خانەنشینی رۆژنامەوانانی هەرێم خانەنشین كرابیّ، دەشیّ، لە رێگای گرێبەستیی كارەوە لە دامودەزگای رۆژنامەگەری و ڕاگەیاند ندا ئیش بكات بە رەچاوكردنی ئیمتیازەكانی رۆژنامەوانی كارا.

**مـاددەی شـازدە:**

برگەی (٦) لە ماددەی بیست هەموار دەكرێ و، بەم شێویەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

٦- بڕوالەقكردن بە سیستەمی فیدرالّی و ئاواتەكانی گەلی كوردستان و مافی چارەی خۆنووسین و ئاسایشی هاووڵاتیان بە رێگای راستەوخۆ یان لابەلا و، وروژاندنی غەریزەی جەماوەر، سابەهەر رێگایەك دەبیّ، بیّ.

**مـاددەی حـەڤـدە:**

بەندی (سێیەم)لە ماددەی بیست ویەك هەمواردەكرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

رۆژنامەوانیّ سزا درابیّ، مافی ئەوەی هەیە لە ماوەی سی رۆژدا- كە لە رۆژی تەبلیغەوە دەست پێ دەكا -، لە بەردەمی دادگای تەمییزدا تانە لە بڕیارەكانی قەدەغەكردن و دەركردن بدات كە ئەنجومەنی سەندیكا دەری هێناون. سزاش ناخرێتە بەركار تا نەگاتە پلەی یەكلابوونەوەو بنبڕی.

**مـاددەی هـەژدە:**

بڕگەی(شەشەم) لە ماددەی بیست ودوو هەمواردەكرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

٦ - داهاتی چاپەمەنیەكانی سەندیكا.

**مـاددەی نـۆزدە:**

ماددەی بیست وسیّ هەموار دەكرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

رۆژنامەوان ئەوكەسەیە كە یەكیّ لەم عینوانانەی خوارەوەی هەیە:

١) خاوەن ئیمتیاز
٢) سەرنووسەر
٣) جێگری سەرنووسەر
٤) بەڕێوەبەری نووسین
٥) سكرتێری نووسین
٦) نووسەر
٧) وەرگێڕی رۆژنامەوانی
٨) پەیامنێری رۆژنامەگەری
٩) وێنەگری رۆژنامەگەری
١٠) شێوەكارو(كاریكاتێر كار)ی رۆژنامەگەری
١١) تەصمیمكاری رۆژنامە
١٢) هەڵەچنی رۆژنامە
١٣) رێكخەری ئەرشیفی رۆژنامەگەری
١٤) ژنەفتكاری رۆژنامەوانی

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

**مـاددەی بـیـسـت:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەركار.

**مـاددەی بـیـست و یــەك:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوكردنەوەی لە (وەقایعی كوردستان) دا دەخرێتە بەركار.

**د.كـمال عبدالكـریـم فـؤاد**
**سـەرۆكـی ئـە نجـومـەنی نیـشـتمانیـی كـوردسـتانی ـ عێـراق**

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٥٣**
**رۆژی بڕیار: ٢٠٠٤/٩/٢٨**

## " بـڕیـار "

پـشت بـە حوکمـەکانی بڕیـاری ژمـارە (٢٤) ی رۆژی (٢٠٠٢/١١/٦) ی ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردستانی عیراق، ئەنجومـەن لـە دانیـشتنی ژمـارە (٤٨)ی رۆژی (٢٠٠٤/٩/٢٨)ی خـولی گواسـتەنیی خۆیدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

**یـەکـەم:**

متمانە دەدرێ بە بەڕێز (د. خاتوو ئەختەر نجم الدین شمس الدین) ببێ بە وەزیری خوێندنی بـاڵاو لێکۆڵینەوە ی زانستی بۆ ئیدارەی سلێمانی .

**دووەم:**

ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرهێنانیەوە دەخرێتە بەرکارو لە(وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د.کـمال عبدالکـریـم فـؤاد**
**سـەرۆکـی ئـە نجـومـەنی نیـشـتمانیـی کـوردسـتانی ـ عێـراق**

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئە نجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٥٤**
**رۆژی بڕیار: ٢٨//٩/٢٠٠٤**

## " بـڕیـار "

